# ناودارانی کورد

# شاعری جوانەمەرگ

# دڵـــــدار

## ١٩٤٨ - ١٩١٨



### ئەی ڕەقیب

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزوبان
نای ڕمێنێ دانەیێ تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سۆر و شۆڕشین
سەیریکە خویناوییە رابردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخسرەوین
دینمانە ئاینمانە نیشتیمان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان

دلـــدار
١٩٣٨

### ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان

کێ هەیە لە کوردان گوێی لەم سرووده نەبووبێت، کام کوردە کاتێك گوێی لەم سروودە دەبێت دڵ و مێشکی پڕ لە ورەو باوەر بە خۆ بوون نەبێت و فرمێسك لە چاوانی نەبارێت.

((ئەی ڕەقیب)) سروودی نەتەوایەتی گشت گەلی کوردە.

ئەم سروودە پێش زیاتر لە پەنجا ساڵ لە لایەن شاعرێکەوە نوو سراوە کە تەنیا سی ساڵ ژیاوە و ناوی تەواوی (یونس ڕەئوف)ە و بە (دڵدار) ناسراوە.

دڵدار لە ٢٠/٢/١٩١٨ لە شاری دێرینی (کویێ)ی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە و لە ساڵی١٩٤٠ کولێژی (ماف)ی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە و دەستی بە کاری پارێزەری کردووە.

بەڵام مخابن دڵدار بە جوانەمەرگی و لە ئەنجامی نەخۆشیەکی کوشندەدا لە ڕۆژی ١٢/١١/١٩٤٨ مردووە.

بەڵام ناوی دڵدار و سروودی ((ئەی ڕەقیب)) و گشت بەرهەمەکانی هەر ماون و هەر بە زیندوویش دەمێننەوە.